# واق ورماني ئيسرائيل

ژمارەی ڕۆژی هێرشەکان
لە حیسابی پەنجە چوونە دەر
ئەمەریکا و جو واقیان وڕما لەوەی بینرا بە چاوی سەر
لە دوای تەحقیق پاش تیا ڕامان
بیر کردنەوەی ورد پلان دانان

ڕاوێژ لە یو ئێن، چرای سەوز لەئەمریکا
فیداکاری و ڕێخۆش کردن لە سەرانی عەرەب
ئا ئا عەرەب مەگەر لە لات سەیر و عەنتیکە
تەنانەت خۆ فرۆشی عەبباس و چەندی دیکە

ئیسرائیل بۆی دەرکەوت چیە
ئەوەی ئەم شەڕەی درێژە دا خەتای کێیە

ئەمە تومەزا منداڵێکی دەم ڕوتەڵەی حەوت مانگانە
لە غەززە دادەنیشێ و وەجاغزادەی موسوڵمانە

لە سەر دەسەڵاتی ئیسرائیلی زۆر زەرەری داوە
چونکە دوو دانی بچکۆلە لە نێو دەمی چەکەرەی داوە
1430 محرم